# بەهێزکردنی ئابووریی سەوزی عێراق – دابینکردنی سەرچاوەی دارایی بۆ گەشەپێدانی بەردەوام



کۆڕبەندەکە بە هاوبەشی ڕێکخرابوو لەلایەن: ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) و زانکۆی سلێمانی

بە پشتیوانیی دامەزراوەیی لەلایەن: وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ژینگە، بانکی ناوەندیی عێراق

لایەنی بەخشەر: وەزارەتی فیدراڵیی بۆ هاوکاریی ئابووری و گەشەپێدان (BMZ) لەڕێگەی بانکی گەشەپێدانی ئەڵمانی (KfW)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پرۆگرامەکانی بژێوی ژیان لەو کۆمەڵگایانەی عێراق جێبەجێ دەکات کە بەهۆی ئاوارەبوونەوە زیانیان بەرکەوتووە. لە ڕێگەی سندوقی پەرەپێدانی پڕۆژەکان (EDF)، ڕێکخراوی IOM یارمەتیدەرە بۆ پڕکردنەوەی کەلێنەکانی دەستگەیشتن بە دارایی بۆ پڕۆژە بچووک و مامناوەندەکان؛ ئەمەش بە ئامانجی هاندانی بووژانەوەیەکی بەردەوام لە شوێنەوارە درێژخایەنەکانی ململانێکان و پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی خۆگونجاندن و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی گۆڕانی کەشوهەوا. ئەم ڕاپۆرتە بەشێکە لە زنجیرە کورتەباسی سیاسەتەکان (Policy Briefs)، کە دەخوازێت زانیاری و مەعریفە دەربارەی ئەو بابەتە هەنووکەییانە بڵاوبکاتەوە کە پەیوەندیدارن بە بووژانەوەی ئابووریی ناوخۆیی لە عێراقدا.

# پوختە

عێراق لە ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوەدایە لە کاروانی بەرەو گەشەسەندنی ئابووریی گشتگیر و بەردەوام. پەرەپێدانی ئابوورییەکی سەوزی نیشتمانی توانایەکی گەورەی هەیە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان و ڕەخساندنی هەلی کاری بەردەوام، لە هەمان کاتدا بەشدار دەبێت لە چارەسەرکردنی ئاڵەنگارییە ژینگەییەکانی عێراق و کۆچی ناچاری بەهۆی گۆڕانی کەشوهەواوە.

بۆ سەرنجخستنە سەر ئەم دەرفەتە پەردە لەسەر لانەدراوانە، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) و زانکۆی سلێمانی کۆڕبەندێکیان لەژێر ناوی "بەهێزکردنی ئابووریی سەوزی عێراق" لە ١٦ی حوزەیرانی ٢٠٢٥ ڕێکخست. ئامانجی کۆڕبەندەکە بریتی بوو لە هاندانی بەشداریی دامەزراوەیی و وەبەرهێنانی دارایی، چارەسەرکردنی کەلێنەکانی ناو سیاسات و پێوەرەکانی وزەی نوێبووەوە، و بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان کەرتە جیاوازەکان. وەک بەشێک لە پاڵپشتییە بەردەوامەکانی IOM بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت و خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەوا، ئەم چالاکییە ڕێکخرا کە تێیدا نوێنەرانی کەرتی تایبەت، گشتی و ئەکادیمیای کۆکردەوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری هاوبەش.

کۆڕبەندەکە زیاتر لە ٢٥٠ بەشداربووی لەخۆگرتبوو، کە تیایدا گفتوگۆکان لەبارەی میکانیزمە داراییەکان بۆ پاڵپشتی بزنسی کەرتی تایبەت لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە تا دەگاتە گفتوگۆ لەسەر پێوەر و ڕێساکان ئەنجامدرا. جگە لەوەش، دوازدە بزنس کە لەلایەن "سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە " (EDF-Green) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) هاوکاری دارایی کرابوون، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان کە دۆستی ژینگەن نمایشکرد.

کۆڕبەندەکە زیاتر لە ٢٥٠ بەشداربووی لەخۆگرتبوو، پانێڵەکان جۆراوجۆر بوون؛ لە میکانیزمە داراییەکان بۆ پاڵپشتی بزنسەکانی کەرتی تایبەت لە بواری وزەی خۆر تا دەگاتە گفتوگۆ لەسەر پێوەر و ڕێساکان. جگە لەوەش، دوازدە بزنس کە لەلایەن "سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە " (EDF-Green) ی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) هاوکاری دارایی کرابوون، بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیان کە دۆستی ژینگەن نمایشکرد، کە تیایدا توانای گەشەکردووی بزنسەکانی عێراقیان لە وزەی نوێبووەوە، کشتوکاڵی بەردەوام، ڕیسایکلین و بیناسازی سەوز نیشاندا.




وێنەی 1: © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

# تێڕوانینە سەرەکییەکانی کۆڕبەندەکە

## بەهێزکردنی هەماهەنگی بۆ ئابوورییەکی سەوز

قسەکەران و پانێلیستەکان و ئامادەبووان پێکهاتبوون لە نوێنەرانی حکومەت، قەوارەکانی کەرتی تایبەت، ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بانکەکان و دامەزراوە داراییەکان، ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ناوخۆییە ناحکومییەکان، ئەکادیمیستان، خوێندکاران و خاوەنکارانی پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان.

لە وتەی دەستپێکدا، پارێزگاری سلێمانی دکتۆر هەڤاڵ ئەبوبەکر، جەختی لە گرنگی سەقامگیری ژینگەیی بۆ گەشەپێدانی ئابووری و تەبایی کۆمەڵایەتی کردەوە، و ئاماژەی بەوە کرد کە عێراق زۆر کاریگەرە بە گۆڕانی کەشوهەوا. ئەو هانی بەشداری چالاکانەی تاکەکان، دامەزراوەکان، کۆمپانیاکان، زانکۆکان و کەرتی تایبەتی دا بۆ پێشخستنی دەسپێشخەرییە سەوزەکان و داوای گرتنەبەری ڕێکاری بەپەلەی کرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی و بەبیابانبوون، فراوانکردنی وزەی نوێبووەوە، باشترکردنی بەڕێوەبردنی ئاو و گەیشتن بە سنووردارکردنی کاریگەرییە فراوانەکانی گۆڕانی کەشوهەوا.

ئەکادیمیستانی زانکۆی سلێمانی، لەوانە بەڕێز ڕێبوار عمر و پرۆفیسۆر دکتۆر سیروان خورشید ڕەفیق، جەختیان لە پێویستی گۆڕینی توێژینەوە و سیاسەتەکان بۆ چارەسەری کرداریی سەوز کردەوە. ئەوان هۆشدارییان دا لەو هەڕەشەیەی کە قەیرانی ژینگەیی و ناجێگیری کەشوهەوا لەسەر سەقامگیری ئابووری و کۆمەڵایەتی دروستی دەکات. داوایان کرد هەماهەنگی نێوان کاراکتەرە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان زیاد بکرێت و هیوایان خواست کۆڕبەندەکە بیرۆکەی نوێ بەرهەم بهێنێت و دەستڕاگەیشتن بە دارایی حکومی بۆ پرۆژە بچووکەکان باشتر بکات.

### ١. میکانیزمە داراییەکان و پاڵپشتی دامەزراوەیی بۆ سەوزکردنی کەرتی تایبەت

پانێلی یەکەم باسی لە ڕۆڵی دامەزراوە داراییەکان و دەستە حکومییەکان کرد لە پاڵپشتیکردنی بزنسە سەوزەکان لە ڕێگەی تێڕوانینەکانی دکتۆر ڕەغد ئەسعەد کازم لە وەزارەتی ژینگە، بەڕێز حسین عطوان مهوس لە بانکی ناوەندیی عێراق، و پرۆفیسۆر دکتۆر سەعد عەبدولقەهار ئەلشێخ لە سەنتەری نێودەوڵەتی بۆ دارایی و بازرگانی.

ئاڵنگارییەکانی دابینکردنی دارایی بەربەستێکی سەرەکین لەبەردەم گەشەپێدانی کەرتی تایبەتی سەوزتر. ئاڵنگارییەکانی دیکە بریتین لە کەمیی هۆشیاری گشتی لەسەر پرسە ژینگەییەکان، تێچووە کارگێڕییەکان، پێوەرە تەکنیکییە توندەکان، و نزمیی نرخی کارەبای نیشتمانی، کە ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ساردبوونەوەی هاووڵاتیان و بانکەکان لە بەشداریکردن لە دەسپێشخەرییەکانی وزەی سەوزی بانکی ناوەندیی عێراق.

هەوڵە نوێیەکان، وەک دەسپێشخەریی ١ تریلیۆن دیناریی بانکی ناوەندیی عێراق بۆ وزەی نوێبووەوە، دەستیان کردووە بە چارەسەرکردنی هەندێک لەم ئاڵنگارییانە. بەرنامەکە کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دەستی پێکرد، لە سەرەتادا ڕووبەڕووی کۆسپ بووەوە کە بووە هۆی کەمیی لە بەشداریکردنی هاووڵاتیان و بانکەکان؛ لەو ئاڵنگاریانەش کەمیی هۆشیاری ژینگەیی، ناڕوونیی کرێ و تێچووەکانی کارگێڕی، مەرجی تەکنیکی زۆر و توند و نزمیی نرخی کارەبای نیشتمانی.. بەڵام بانکی ناوەندی لە ساڵی ٢٠٢٤ دا بەرنامەکەی داڕشتەوە و ٥٣ کۆمپانیای پەسند کرد کە لەلایەن وەزارەتی کارەباوە ئامادەکرابون و مەرجەکانیان تێدابو بەمەبەستی دابینکردن و دانانی سیستمەکانی وزە نوێبوەوەکان، بۆ دڵنیابوون لە کوالێتی و بەرپرسیارێتی لە نۆژەنکردنەوەی ئەو سیستەمانەی کە دابیندەکرێن، هەروەها ڕێژەی سوودی لەسەر ٣٪ جێگیر کرد و ماوەی دانەوەی قەرزەکەی بۆ ٧ ساڵ دیاری کرد، وە میکانیزمەکانی وەرگرتنی قەرزیش ئاسانتر کران، بە جۆرێک ئێستا دەتوانرێت لە ڕێگەی کەفالەتی فەرمانبەر، بارمتەی خانوبەرە، یان کەفالەتی کۆمپانیای عێراقی بۆ زامنکردنی قەرز وەیان هەر زامنێکی تر کە بانکەکان بە گونجاوی دەزانن، قەرزەکە وەربگیرێت. ئێستا هاووڵاتیان دەتوانن بۆ سیستەمی خۆری ماڵان تا ٣٠ ملیۆن دینار قەرز وەربگرن، لە کاتێکدا قەرز تا ١ ملیار دینار بۆ پرۆژە بازرگانی و ژێرخانییەکان بەردەستە.

هەروەها ئەم دەسپێشخەرییە پرۆژەکانی دوبارە پاککردنەوە و بەرهەمهێنانەوە لە خاشاک (ڕیسایکلین) و کارگەکانی خشت دەگرێتەوە، و دەسپێشخەرییەکە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق بەردەستە.




وێنەی 2: © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

هاوبەشی نێوان کەرتی تایبەت و گشتی، وەک "دەسپێشخەریی نیشتمانی بۆ باشترکردنی کارایی وزە و کەمکردنەوەی دەردانی گازەکان"، دەتوانێت پەرە بە ئابووریی سەوز بدات. لەژێر ئەم دەسپێشخەرییەدا، سیستەمی وزەی خۆر لە ۸۰ باڵەخانەی حکومیدا دادەنرێت. ئەم پرۆگرامە کە لەلایەن وەزارەتەکانی ژینگە و کارەباوە سەرپەرشتی دەکرێت، شەش وەزارەت کۆدەکاتەوە و دەرفەت بۆ بزنسە ناوخۆییەکان دەڕەخسێنێت.

دەسپێشخەرییەکانی تر پاڵپشتی خۆگونجاندن دەکەن بۆ ئەوانەی زۆرترین کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوایان لەسەرە. یەکەم بەخشش (Grant) کە عێراق لە سندوقی کەشوهەوای سەوز (GCF) وەریگرت بە بڕی ۳۷ ملیۆن دۆلار، ئەو کۆمەڵگایانە دەکاتە ئامانج کە زۆرترین مەترسییان لەسەرە. بەشداربووان جەختیان کردەوە کە دارایی سەوز دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لە چارەسەرکردنی بێکاریی گەنجان. بۆ نموونە، پێشبڕکێی داهێنانی سەوزی بەغداد و سەنتەری لێهاتوویە سەوزەکان مەشقی گەنجان دەکەن و هانیان دەدەن بۆ کارسازی.

گفتوگۆی پانێڵەکە بە بانگەوازێک بۆ هەماهەنگی بەهێزتر لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان، زیادکردنی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە دەرفەتەکانی دابینکردنی دارایی، و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بە شێوەیەکی کاراتر کۆتایی هات. لایەنە پەیوەندیدارەکان جەختیان لە گرنگی بەردەوامیی پەیوەندییەکان کردەوە لە ڕێگەی کۆڕبەند، وۆرک شۆپ و هەماهەنگی نێوان کەرتە جیاوازەکان لەوانە دامەزراوە حکومییەکان، کەرتی تایبەت، کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان بۆ پەرەپێدانی ئابووریی سەوز لە عێراقدا.

## ٢. پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان و تێکەڵکردنی وزەی خۆر: پێوەرەکان، ڕێساکان و بەرپرسیارێتییەکان

پانێڵی دووەم تیشکی خستە سەر گرنگی دارشتنی پێوەرە نیشتمانییەکان بۆ تەکنەلۆژیاکانی وزەی نوێبووەوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە کوالێتی و سەلامەتی بەکاربەران. ئەم پانێڵە باسی لە پێویستییەکی بەپەلە کرد بۆ ڕێکخستنی بازاڕی گەشەسەندووی وزەی خۆر لە عێراقدا. هەروەها جەختی کردەوە لە گرنگی پەرەپێدانی پێوەر و ڕێسا نیشتمانییەکان بۆ مسۆگەرکردنی کوالێتی، ڕێگریکردن لە پڕبوونی بازاڕ لە کاڵای هاوردەکراوی بێ کوالێتی، و دروستکردنی ژێرخانێکی درێژخایەن بۆ تێکەڵکردنی وزەی نوێبووەوە.

پرۆفیسۆر دکتۆر ثامر عەبدولئەمیر، وەک نوێنەری یەکێتی ئەنجومەنەکانی توێژینەوەی زانستی عەرەبی، داوای نوێکردنەوەی یاسا پیشەسازییە کۆنەکان و زیادکردنی هەماهەنگی نێوان زانکۆکان و ئاژانسە حکومییەکانی کرد. تێکەڵکردنی وزەی خۆر لەگەڵ تۆڕی نیشتمانی کارەبای عێراق وەک ئاڵەنگارییەکی بەرچاو دەستنیشانکرا، کە بەهۆی ژێرخانی کۆن و کەمیی توانای تەکنیکییەوە سنووردار بووە. دکتۆر ثامر ئاماژەی بەوە کرد کە دەکرێت ئەزموونی دەوڵەمەندی عێراق لە داهێنانی وزەی خۆر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لە ڕێگەی دارشتنی سیاسەتی زانستی و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی توێژینەوە زیندوو بکرێتەوە.

بە گشتی، قسەکەران جەختیان لەوە کردەوە کە پەرەپێدانی هەماهەنگی نێوان ئەکادیمیا، حکومەت، و کەرتی تایبەت زۆر پێویست دەبێت بۆ بنیاتنانی ئابوورییەکی سەوزی خۆڕاگر و بەردەوام لە عێراقدا.




وێنەی 3: © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

## 3. وانە وەرگیراوەکان لە دەسپێشخەرییەکی دارایی سەوز بۆ پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان: سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکانی دۆستی ژینگە (EDF-Green)

بەڕێز باخەوان تۆفیق لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)، چەندین چیرۆکی سەرکەوتنی خستەڕوو و ئاماژەی بەو ئاڵەنگاریانە دا کە لەلایەن پرۆگرامی EDF-Greenەوە تێپەڕێنراون؛ ئەمە دەسپێشخەرییەکی ڕێکخراوی IOMـە کە بەشدار دەبێت لە بەردەوامیی ژینگەیی پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان لە عێراقدا. ئەم پرۆگرامە لە چوارچێوەی زیادبوونی نیگەرانییەکان سەبارەت بە کۆچی ناچاری بەهۆی هۆکارە ژینگەیی و کەشوهەواییەکانەوە داڕێژراوە. تا مانگی ئازاری ۲۰۲۰، ماتریکسی چاودێریی ئاوارەبوون (DTM)ی سەر بە ڕێکخراوی IOM، زیاتر لە ۱۷۲,۰۰۰ کەسی تۆمارکردووە کە بەهۆی هۆکارە ژینگەیی و کەشوهەواییەکانەوە لە ۱۲ پارێزگای جیاوازی عێراق ئاوارە بوون، کە ئەم ژمارەیە لە ساڵی ۲۰۲۲ دا ۲۰,۰۰۰ کەس بووە و بەم شێوەیە زیادی کردووە.

سندوقی گەشەپێدانی پرۆژەکان (EDF) کە لە ساڵی ۲۰۱۸ەوە کاردەکات، زیاتر لە ۵۰ ملیۆن دۆلاری وەک هاوکاری (Grant) بەسەر پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان لە سەرانسەری عێراقدا دابەشکردووە، کە بووەتە هۆی ڕەخساندنی زیاتر لە ١٤,٠٠٠ هەلی کاری نوێ لە سەرانسەری وڵاتدا تا مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠٢٠. نزیکەی ١٥٪ی پرۆژە هاوکاری کراوەکان ڕاستەوخۆ بەشدارن لە بەردەوامیی ژینگەیی، لەوانە: پێشخستنی خۆڕاگری بەرامبەر کەشوهەوا، باشترکردنی کوالێتی هەوا، هاندانی

بەکارهێنانی وزەی نوێبووەوە، پەیڕەوکردنی شێوازە کشتوکاڵییە سەقامگیرەکان، و هەوڵەکانی کەمکردنەوەی پاشماوە. هەروەها سندوقەکە بەشدارە لە زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان لە پیشەسازی و بازاڕی کاردا، بە جۆرێک ٢٤٪ی پرۆژەکان بۆ ژنانی خاوەنکار بووە.

دەرواوەی EDF-Green بە تایبەتی پاڵپشتی ئەو پرۆژە بچووک و مامناوەندانە دەکات کە بەرهەمی دۆستی ژینگە پێشکەش دەکەن یان شێوازی کارکردنی بەردەوام پەیڕەو دەکەن. تا ئێستا ١٢٠ پرۆژە بڕی ٢.٥ ملیۆن دۆلاریان لە دارایی EDF Green وەرگرتووە، کە هاوتای ئەوە بڕی ١.٧ ملیۆن دۆلاریش لەلایەن خودی خاوەن پرۆژەکانەوە وەبەرهێنانی تێدا کراوە. پرۆژەکان بوارەکانی ڕیسایکلین (٤٠٪)، کشتوکاڵی بەردەوام (٢٢٪) و وزەی نوێبووەوە (٢٠٪) دەگرنەوە.

ڕێکخراوی IOM هانی زانکۆکان و خوێندکارانی دا کە لە ڕێگەی دەرواوەی "EDF Innovation"ـەوە بەشدار بن. لە ڕێگەی هاوبەشی لەگەڵ زانکۆکان، دامەزراوە حکومییەکان و بەخشەرەکان کە پێکهاتوون لە ئەڵمانیا، فینلاندا و کۆماری کۆریا، پرۆگرامی EDF-Green ئەوە دەسەلمێنێت کە چۆن دابینکردنی دارایی ئامانجدار دەتوانێت ببێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کاری سەوز و بەهێزکردنی خۆڕاگریی عێراق بەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا.




وێنەی 4 © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

# ڕاسپاردەکان

بەشداربووان باسیان لە ڕێکارە کردارییەکان کرد بۆ پاڵپشتیکردنی گواستنەوەی عێراق بەرەو ئابوورییەکی سەوزی گشتگیر و بەردەوام، بە جەختکردنەوە لەسەر پەرەپێدانی پاڵپشتی دامەزراوەیی و دارایی، چارەسەرکردنی کەلێنەکانی ناو سیاسەت و پێوەرەکانی وزەی نوێبووەوە، بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان کەرتە جیاوازەکان، و دروستکردنی هۆشیاری گشتی سەبارەت بە ئابووریی سەوز.

## پەرەپێدانی پاڵپشتی دامەزراوەیی و دارایی

- پەیڕەوکردن و فراوانکردنی میکانیزمە داراییە داهێنەرەکان: وەک دارایی تێکەڵاو (Blended Finance)، قەواڵە سەوزەکان (Green Bonds)، دارایی ئیسلامی و دەسپێشخەرییەکانی هاوتەریب لەگەڵ شەریعەت وەک "چەکی بانکی سەوز" (Green Sukuk)، قەرزی کەم-سوود، و دابینکردنی دارایی لەسەر بنەمای ئەنجامەکان.
- فراوانکردنی پاڵپشتی دارایی: لە ڕێگەی بەخشیش (Grant) و قەرزی پاڵپشتیکراو (Subsidized Loans) بۆ هاندانی بەکارهێنانی وزەی خۆر لە کەرتەکانی نیشتەجێبوون، گشتی و پیشەسازیدا؛ هەروەها بۆ پاڵپشتیکردنی پەرەپێدانی پیشەسازییە ژینگەییەکان، لەوانە ڕیسایکلین، بیناسازی بەردەوام، و ئەو پیشەسازیانەی کە دەردراوی گازیان کەمە.
- ئاسانکردنی ڕێکارەکانی وەرگرتنی قەرز: و هاندانی مۆدێلە ئاسانەکانی قەرز و قەرزی بچووک (Microfinance) بۆ باشترکردنی دەستڕاگەیشتن بە سەرمایە بۆ پرۆژە بچووک و مامناوەندەکان (SMEs)، وەک گەنجان و ژنانی خاوەنکار.
- فراوانکردنی بەرهەمەکانی دڵنیایی(Insurance): کە تایبەت بن بە وزەی خۆر و ژێرخانی ئۆتۆمبێلە کارەباییەکان.
- ئاسانکاری بۆ دەستڕاگەیشتن بە سەکۆکانی دابینکردنی دارایی بەکۆمەڵ (Crowdfunding): بۆ پرۆژە سەوزە کۆمەڵایەتییەکان.

## چارەسەرکردنی کەلێنەکان لە سیاسەت و پێوەرەکانی وزەی نوێبووەوە

- خستنەگەڕی ئەو یاسا و ڕێسایانەی هانی وەبەرهێنان دەدەن و لابردنی بەربەستەکانی بازاڕ: بە مەبەستی هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەشداریکردن لە پیشەسازییە سەوزەکان و تەکنەلۆژیا کەم-کاربۆنەکاندا؛ ئەمەش لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی شەفافیەت دەربارەی جۆرەکانی پاڵپشتی بەردەست، ڕێکخستنەوە و ئاسانکاری لە چوارچێوە یاساییەکان، و سادەکردنەوەی ڕێکارەکانی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان.
- پەرەپێدانی شێوازێکی هەماهەنگ بۆ جێبەجێکردنی گۆڕانکارییە ئابوورییە سەوزەکانی عێراق: لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە چوارچێوەی سیاسەتە نیشتمانییەکان و نەخشەڕێگا ستراتیژییەکانی ئێستا، وەک (ستراتیژیی نیشتمانی بۆ پاراستن و باشترکردنی ژینگە لە عێراق)، (پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی)، و (پلانی وەبەرهێنانی کەشوهەوا). ئەمەش بە بەهێزکردنی میکانیزمەکانی هەماهەنگی لە نێوان وەزارەتەکان، پارێزگاکان، دامەزراوە ئەکادیمییەکان و کەرتی تایبەت، لەگەڵ دارشتنی خشتەی کاتی بۆ جێبەجێکردنی قۆناغ بە قۆناغ و ئەنجامدانی شیکاریی تێچوو-قازانج بۆ دیاریکردنی لەپێشینەکان.

- دڵنیابوون لەوەی کە خەرجکردنی دارایی سەوز بەستراوەتەوە بە پێوەرە سەلمێنراوەکانی کارایی ژینگەیی: بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی لێپرسینەوە و دڵنیابوون لە کاریگەریی پرۆژەکان.
- مسۆگەرکردنی دەستڕاگەیشتنی دادپەروەرانە و گشتگیر: بۆ میکانیزمە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکانی دابینکردنی دارایی سەوز لە سەرانسەری عێراقدا، بە شێوەیەک کە چارەسەری نایەکسانییە جوگرافییەکانی ئێستا و بەربەستە ناوچەییەکان بکات.

## بەهێزکردنی هەماهەنگی نێوان کەرتە جیاوازەکان

- دروستکردنی ڕێکخستنی دامەزراوەیی: بۆ بەهێزکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئاژانسە حکومییەکان، ناوەندە ئەکادیمییەکان، قەوارەکانی کەرتی تایبەت، دامەزراوە داراییەکان و هاوبەشەکانی گەشەپێدان.
- دڵنیابوون لە هەماهەنگی نێوان دابینکەرە جۆراوجۆرەکانی پاڵپشتی دارایی و تەکنیکی: بە مەبەستی پەرەپێدانی ڕێکارە سادەکراوەکانی پێشکەشکردنی داواکاری و فراوانکردنی مەودای گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکان.
- هاوکاری لەگەڵ زانکۆکان و کەرتی تایبەت: بۆ دامەزراندنی پرۆگرامی ڕاهێنان کە وەڵامدەرەوەی پێداویستییە کارامەیییەکانی بازاڕی کاری سەوزی نوێ بێت.
- هاندانی زانکۆکان و دامەزراوە توێژینەوەییەکان: بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی پراکتیکی کە چارەسەری ئاڵنگاریە ژینگەییەکانی عێراق بکات. هەروەها گونجاندنی پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا لەگەڵ داخوازییەکانی بازاڕی کاری ئابووریی سەوز، و هاندانی توێژینەوەکانی ئاستی خوێندنی باڵا (ماستەر و دکتۆرا) کە چارەسەر و دۆزینەوەکان لەسەر بنەمای پێداویستی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان پێشکەشدەکەن.

## بونیادنانی هۆشیاری گشتی دەربارەی ئابووریی سەوز

- بونیادنانی توانای تەکنیکی و کارگێڕیی: بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی کەرتی گشتی و دامەزراوە داراییەکان تا بتوانن بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتی وەبەرهێنانە سەوزەکان بکەن. ئەمەش پاڵپشتیکردنی ئەو سەنتەرانەی ڕاهێنان دەگرێتەوە کە سەرنج دەخەنە سەر وزەی نوێبووەوە.
- دارشتن و پێشکەشکردنی ناوەڕۆکی پەروەردەیی و هۆشیاریی: بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. هەروەها بەکارهێنانی سەکۆ دیجیتاڵییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە زۆرترین پێکهاتەی جیاوازی کۆمەڵگا.
- پەرەپێدانی سەکۆیەکی دیجیتاڵی نیشتمانی: بۆ دیاریکردنی نەخشەی دابینکەرانی خزمەتگوزاری وزەی سەوز، دەرفەتەکانی دابینکردنی دارایی، و ئاستی پەیڕەوکردنی تەکنەلۆژیا لە سەرانسەری وڵاتدا. ئەم سەکۆیە ڕوکارێکی زانیاری (Dashboard) لەخۆ بگرێت بۆ بەدواداچوونی کەمکردنەوەی دەردانی گازەکان و بەکارهێنانی وزە.
- دەستپێکردنی کەمپەینی نیشتمانی: کە جەخت بخاتە سەر پاراستنی ژینگە و خۆڕاگری بەرامبەر گۆڕانی کەشوهەوا.
- پەرەپێدانی پرۆگرامی ڕاهێنانی ئامانجدار بۆ گەڕان بەدوای کاردا: بە جەختکردنەوە لەسەر هاوکاریکردنی گەنجان و ژنان لە بوارەکانی وەک چۆنیەتی دانانی سیستمی وزەی خۆر، شێوازی دانان و بەستنی کشتوکاڵکردنی زیرەک، چارەسەرکردنی پاشماوەکان بەشێوەی جێگیر، بۆ چارەسەرکردنی کەمیی نوێنەرایەتییان لە ئابووریی سەوز و دۆستی ژینگەدا..




وێنەی 5 © ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)
ئۆفیسی نەتەوەیەکگرتووەکان (دیوان ٢)، ناوچەی نێودەوڵەتی، بەغدا، عێراق
IOMIRAQ@IOM.INT • HTTPS://IRAQ.IOM.INT

© ٢٠٢٦ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بۆی نییە دووبارە بەرهەم بهێنرێتەوە، یان لە سیستەمی گەڕانەوەدا پاشەکەوت بکرێت، یان بە هەر شێوەیەک و بە هەر هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، تەکنیکی، وێنەگرتن، تۆمارکردن، یان هەر ڕێگەیەکی تر بگوازرێتەوە، بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی نووسراوی پێشوەختە لەلایەن بڵاوکەرەوەوە.